# لە چەندین پارێزگای عێراق پشووی فەرمیی ڕاگەیاندرا



پارێزگاری موسەننا لە باشووری عێراق، ئەمڕۆ چوارشەممە بڵاویکردەوە، بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، سبەینێ پێنج شەممە 15ـی ئابی 2024 دەوامی فەرمی لە سەرجەم فەرمانگەکان ڕادەگیرێت.

هەر ئەمڕۆ دیوانی پارێزگای دیوانیە بڕیاریدا، بەهۆی یادی ئەربەعینی شیعەکانەوە، ڕۆژانی سێشەممە، چوارشەممە و پێنجشەممەی هەفتەی داهاتوو دەوامی فەرمی ڕابگرێت، جگە لە بەشەکانی ئاسایش و تەندروستی.

پێشتریش پارێزگاری کەربەلا و نەجەف بە ماوەی 10 ڕۆژ ڕاگرتنی دەوامی فەرمانگەکانیان ڕاگەیاندبوو، تا هاوڵاتیان بەشداری یادی ئەربەعین بکەن.